# هەواڵە کرێکاری و سۆسیالستی و جەماوەرییەکانی جیهان
# 2005-5-8

## نیپاڵ

له بەرواری 14 نیسانەوە بە بانگەوازی یەکێتی قوتابییانی ماوییەکان , سەرجەم قوتابخانە تایبەتیەکانی نیپاڵ داخراون , کە ژمارەیان 85000 قوتابخانەیە , داوای ئەوە دەکەن 175000 کارمەندی زیادە دەرکرێن لەو قوتابخانانە .

–له بەرواری 27–4 سەرۆك وەزیرانی پێشوو مشیر باهادیر بە تاوانی گەندەڵی لە ماڵەکەی گیرا .

–بەرواری 28–4 قوتابییانی 7 پارتی سیاسی کە زۆربەیان چەپ بوون خۆپیشاندانییان لە کەتماندۆ ساز کرد لە ئەنجامدا زانکۆ ڕاوەستا , قوتابییان داوای گەڕانەوەی دیموکراسی و بەردانی قوتابییە گیراوەکانییان کرد .

–کچانی نیپاڵی بەزۆر دەنێردرێن بۆ کارکردن لە سێرکەکانی هیندستان کە ئەمەش بە بەشێك لە کۆیلەداری دەژمێردرێت , 23 لەو کچانە ئەم هەفتەیە لە لایەن ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانەوە ئازاد کران .

–لە بەرواری 3–5 زیاتر لە 1000 ڕۆژنامەنوسی نیپاڵی لە کەتماندۆ خۆپیشاندانی جەماوەرییان سازکرد دژ بە تەنگ کردنەوەی ئازادییەکان .

–لە 30–4 پادشای نیپاڵی باری نا ئاسایی لەسەر نیپاڵ هەڵگرت .

–یەك شەممە 8–5 موفەتشی گشتی پۆلیسی نیپاڵی کەوتە بەر هێرشی ماوییەکان و لەگەڵ چەند کەسایەتی سەربازی کە گیانییان لە دەست دا .






## ئایدز و مناڵان

ڕۆژانە ئایدز 6000 مناڵ لە جیهاندا دەکوژێت لە, هەر 6,3 سانییە مناڵێکی کەمتر لە 5 ساڵ بە نەخۆشی ئایز دەمرێت .

## شیلی

خۆپیشاندانی سەرانسەری کۆتایی مانگی ئەبرێل زانکۆکانی شیلی گرتەوە , بەهۆی بەرزکردنەوەی هەقی خوێندنەوە , لەم نێوەدا بەرەو ڕوبونەوە لە نێوان قوتابییان و پۆلیس ڕویدا , پۆلیس بە گازی فرمێسك ڕژێن هێرشییان کردە سەر قوتابییان و ژمارەیەکییان لێیان دەسگیر کرد .

## فەلەستین

لە 6-5 لە فەلەستین هەڵبژاردنی شارەوانی ئەنجام درا, لە کۆی 84 بنکە , حەماس 37 ی بردەوە . سەرۆکی هەردوو لیستی فەتح و بەرەی میللی ڕزگاری فەلەستین لە زیندان‌دا بوون , کۆی گشتی کورسییەکان 897 کورسییە , فەتح 499 و حەماس 299ییان بردەوە .

چەپەکانیش لە هەڵبژاردندا هێزی سێیەم بوون , بەرەی میللی سەرباری بردنەوەی تەنییای لە چەند حەوزێکی هەڵبژاردن , بە هاوپەیمانییەتیش لەگەڵ چەپ و سەربەخۆکان لە حەوت ناوچە بردیەوە , سەرباری ئەوەی 58 نوێنەری کەی دەرچوو . بەرەی دیموکراتیش شارەوانی سۆمتەرەی بردەوە لە 11 کورسی 8 بردەوە , لە غناتاش 5ی لە 11 بردەوە , کۆی گشتی 28 نوێنەرییان دەرچوو لە ناویا 8 ژن هەیە . شاری بەیت لەحم کە بەشاری مەسیح ناسراوە مارکسییەکی هەڵبژارد بە سەرۆکی شارەوانی بە ناوی دکتۆر فکتۆر حنا بەتاریسە , حەماس لە کاندید کردنی پشتگیری کرد , ئەم پۆستە گرنگی خۆی هەیەو بەردەوام سەرۆکانی وولاتان سەردانی ئەم شارە دەکەن .



## کۆمپانییای ئای بی ئێم

کۆمپانییای ئای بی ئێم بریاری دا 13000 کرێکار دەرکات, لە کۆی 329000 کرێکار کە لەو کۆمپانییایە کار دەکەن , لە ئازاری ڕابردووش 500 کرێکری دیکە لەسەر کار دەرکران , ئەمەش پاش ئەو قەیرانەی کە کۆمپانییاکە توشی هات .

## ڤێتنام

30-4 یادی 30 ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی ڤێتنام بوو بەسەر گەورەترین هێزی سەربازی لە مێژوی مرۆڤایەتی ئەویش ئەمەریکایە , لە کۆدا 3 ملیۆن ڤێتنامی گیانییان لە دەست دا و 58000 ئەمەریکیش بونە قوربانی شەڕی ئەمەریکا دژ بە گەلی ڤێتنام , 12 ملیۆن ڤێتنامیش ئاوارە بوون . ئەو شۆڕشە چین و سۆڤییەت و کوبا هاوکاری بەردەوامییان بکەن . ئەمساڵ یادێکی پڕ شکۆ کرا لە شۆڕشی ڤێتنام لە پایتەختی وولآت .







## نەرویج

بە تاوانی پەلاماری سێکسی لە نەرویج ژنێك دادگایی کرا, کە پەلاماری پیاوێکی 31 ساڵەی دابوو, پاش بێهۆشکردنی بە مەوادی لە هۆش بەر , پیاوەکە کە چاوی کردۆتەوە سەیری کردووە ژنەکە لەگەڵی ڕادەبوێرێت .

ژنەکە بە 6355 دۆلار سزا درا .

## نیکاراگوا

هەفتەی کۆتایی مانگی ئەبرێل نیکاراگوا حاڵەتی شۆڕشی بەخۆوە بینی , لە جەرگەی ڕاپەڕینەکاندا سەدان کەس بریندار بوون و 68 کەسیش زیندانی کران . لە کۆی 152 شارەوانی لە سەرتاسەری وولآت 96 شارەوانی ئاڵای ناڕەزایەتییان بەرز کردەوە , ئەو شارەوانییانە بە دەست ساندنیستەکانەوەن , ئەوەی شایانی ئاماژەیە لە نیکاراگواو و سلڤادۆر زۆربەی شارەوانییەکان بەدەست چەپەکانەوەیە . لە خۆپیشاندانەکاندا داوای واز هێنانی سەرۆکییان دەکرد , ئەم خرۆشانە جەماوەرییە بەهۆی بەرز بونەوەی نرخی هاتوچۆوە بوو کە 20٪ چۆتە سەر , حکومەت سەرۆکی شارەوانی پایتەخت و ئۆرتیغای تاوانبار کرد .هەروەها لە خۆپیشاندانەکاندا هێرش کرایە سەر کوڕی سەرۆکی نیکاراگواو بریندار بوو گەیاندییانە نەخۆشخانە لە ماناغوای پایتەخت .

## مەكسیك

خۆپیشاندانی چەپەكان بەردەوامە لە مەكسیك بۆ لایەنگری لە سەرۆكی شارەوانی مەكسیكۆ( لۆبیز ئۆبرادور) كە بەهێزترین پالێوراوی سەرۆكایەتی سالی 2006 ی مەكسیكە , سەرباری دەیان هەزار ڕژانە سەر شەقامەكانی مەكسیكۆ , لەشارەكانی باكور بەرەو ڕووبونەوەی هەردوو لا بە كوشتنی دوو كەس كۆتایی هات .

## بەرازیل

–بەرواری 26–4 هەزاران هاوولاتی ڕەسەنی بەرازیلی لە جەرگەی پایتەختا خۆپیشاندانییان ساز كردو خێوەتییان هەلدا دژ بە كۆچ پێكردنی بە زۆرییان .

– خاوەند زەوییەكان 3 كارمەندییان گرت كە دەیانەویست پرۆژەی دابەشكردنی زەوی جێبەجیٚ بكەن .

– بەرواری 1 ئایار زیاتر لە 12000 جوتییاری بێزەوی لە شاری غۆیان خۆپیشاندانییان سازكرد , كە بزووتنەوەی جوتیارانی بیٚزەوی سەرپەرشتی دەكرد , لە 23 هەرێمی بەرازیلەوە لەو شوێنە كۆببونەوە داوای پەلەكردنییان دەكرد لە دابەش كردنی زەوی .

ئەوەی شایانی ئاماژە پێكردنە لۆلا پێش گەیشتنی بە دەسەلات بڕیاری بەخشینی زەوی بە 430000 جوتیاری بێزەوی دا , بڕیار وایە ئەمسالٚ 40000 جوتییار زەوی وەرگرن , بەلام بزووتنەوەی جوتیارانی بیٚ زەوی داوای داگیركردنی زەوی دەكەن ئەگەر پەلە نەكرێت لە جێبەجێكردنی بەلێنەكان .

## بەریتانیا

زۆربەی سامانی وولات بەدەست 2٪ هاوولاتییانی بەریتانییەوەیە . لە سالی 1997ەوە داهاتی هەژارترین توێژی وولات كە ژمارەیان 5,8 ملیۆن كەسە 3,3٪ دابەزیوە لە كاتێكدا پارتی كرێكارانیش دەسەلاتدار بووە , لەسەردەمی دەسەلاتی بلێردا هەژاران هەژارتر و دەولەمەندان دەولەمەندتر بوونە , ئەمەش دەربڕی شكستی پرۆژەی سۆسیال دیموكراتییە بۆ چارەسەری هەژاری.

## پاكستان

لە شاری كەراتشی لە كۆتایی مانگی ڕابردوو پیاوێك بە ناوی محەمەد نەدیم ژنەكەی و 4 منالی خۆی كردە قوربانی بۆ پێغەمبەری ئاخر زەمان . ژنەكەی شاە جیهان تەمەن 36 سالەو منالە گەورەكەشی تەمەن 13 سالٚ بوو , پێش سەربڕینییان خواردنێكی باشیشی بۆیان دابین كردبوو , ئەم كردارە وەحشیانەیە جیهانی هەژاند , بە ناچاری لایەنە ئیسلامییەكان كابرایان بە شێت ناساند .

# 1 ئایار لە جیهاندا

لە زۆربەی وولاتانی جیهان یادی یەکی ئایار کرایەوە , بەهەمان شێوە لە کوردستانیش بە تایبەت کوردستانی باکور , ئامەد خۆپیشاندانی دەیان هەزاری بەخۆوە بینی , مەراسیمی سنەش سەرنج ڕاکێشترین مەراسیمی 1 ئایاری کوردستان بوو.

فلیپین– پێکادان لە لایەن چەپەکان و پۆلیس چەندین شاری فلیپینی گرتەوە بە تایبەت باکوری وولات , خۆپیشاندەران توانییان هاتەچۆ توشی ئیفلیجی بکەن . شەو 6000 لە هەڵسوڕاوانی چەپ بە درێژایی هێڵی شەمەندەفەری مانیلا کۆبونەوە .دەیان ویست بۆ کۆشکی کۆماری بچن . ئەم کۆبونەوەیە هاوپەیمانی پێشکەوتنخوازی کار ڕابەرایەتی و ڕێکی خستبوو , داواکاری دادپەروەری کۆمەڵایەتییان دەکرد . حکومەت 14000 پۆلیسی بۆ پاراستنی ئاسایشی شار دابین کرد . ئۆریۆ سەرۆکی وولات هاتە قسەو پەیمانی باشترکردنی باری ژییانی کرێکاران و زیادکردنی منگانەکەیانی دا , وە ووتی ئەمانە جەماوەرییان نییەو لە خەڵك دابڕاون .

ڕوسیا

لە ڕوسیاش سەدان هەزار لە زۆر شارو شارۆچکە ڕژانە سەر شەقامەکان , لە مۆسکۆ بە دەیان هەزار لە 1 ئایار کۆبونەوە لە ژێر دروشمی کرێکاران نابێت هەژاربن .

لە بەرلینیش 57 لە خۆپیشاندەران لە ئەنجانی بەرەو ڕوبونەوە گرتران .

لە ئوستترالیاش لە سدنی 5000 و لە فکتۆرییا 3000 کەس بەشداری خۆپیشاندانەکانی 1 ئایارییان کرد .

لە ئەندەنوسیاش هەزاران کرێکار ڕژانە سەر جادەکانی پایتەخت و داوایان کرد 1 ئایار بکرێت بە ڕۆژی پشوی فەرمی .

سیئۆلیش ناوەندی بزووتنەوەی کرێکاری ناوچەکە لە 1 ئایار وەك سالانی پێشوو بەرەو ڕوبونەوەی تێدا ڕوی دا و زۆربەی شارەکانی وولاتی گرتەوە . ژاپۆنیش وەك سالانی پێشوو خۆپیشاندانی ملیۆنی بەخۆوە بینی .

لە ئیسپانییاش 53 شاری گرتەوە . لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی فەرەنساو ئیتاڵییاو پورتوگال و سوید مەراسیم و خۆپیشاندان بە بۆنەی 1 ئایارەوە ئەنجام درا .

لە هۆنگ کۆنگ هەزاران کرێکار داوای زیادکردنی لانی کەمی کرێیان کرد . لە هافاناش بە بەشداری کاسترۆ 1 ملیۆن کرێکار 1 ئایاریان پیرۆز کرد . زیاتر لە 10000 کوردیش لە ڤێنا 1 ئایارییان پیرۆز کرد .

لە هۆڵەندەش لە شاری ڕۆتەردام بە بەشداری نزیك 500 کەس مەراسیمی 1 ئایار بەرپاکرا , کە دەیان لایەنی چەپ بەشداربون بە تایبەت لایەنە تورکەکان زۆربەی پێکهاتەی خۆپیشاندانەکە بوون , ئەمساڵ بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی پڵنگەکانی تامیلیش بەشدار بوون , چەند گروپێکی کوردیش بەشداری ڕێپێوانەکەیان کرد .

فەلەستین

به داواکاری کاری سەندیکایی پێشکەوتنخوازی فەلەستینی سەر بە بەرەی میللی خۆپیشاندانێکییان سازکد دەیان هەزار بەشداریان تێداکرد .داوای گۆڕان لە یاسای کار و بیمەی بێکاری و سازدانی دادگای کرێکاری و دژایەتی گەندەڵییان کرد .

–بەحرێن : لە بەحرێنیش هەزاران کرێکار بە دەست پێشخەری یەکێتی بێکاران بەشداری خۆپیشاندانی 1 ئایاییان کرد .

–ئەستەمبوڵیش وەك ساڵانی پێشوو سیمای شۆڕش و ڕاپەڕینی بەخۆوە بینی .

مەغریب:لە مەغریبیش خۆپیشاندان کرا , بەڵام سانديکای پارتە ئیسلامی و ڕاستەکان ڕێکیان خستبوو ,کرێکارێك پرسیاری هۆی بەشداری نەکردنییان لێی پرسی لەو خۆپیشاندانە ووتی :ئەوانەی داوای باشترکردنی باری ژیانمانیان دەکرد , ئێستا داوای باشتر کردنی باری ژییانی خۆیان دەکەن .

مۆریتانییا:لە مۆریتانییاش کرێکاران یادی 1 ئایارییان کردەوە لە نواکشۆت و چەند شاری کە , داوای زیادکردنی موچەیان کرد بە ڕێژەی 500٪. ماوەیەك پێش ئێستا مانگانەی وەزیرەکان 700٪ زیادی کرد گەیشتە 3500 دۆلار.

میسر : لە بەرواری 7-5 بە بەشداری سەدان کرێکار لەبەردەم سانديکای ڕۆژنامەنوسان لە قاهیرە کرێکاران خۆپیشاندانییان ساز کرد داوای پێك هێنانی سانديکای سەربەخۆو پارتی سیاسی کرێکاران وباشتر کردنی باری ژییان و کۆتایی بە خەسخەسەو گۆڕانکارییان کرد .









노동자에게 노동3권 보장하라








민주노동당
조세개혁과 부유세 실현으로
무상의료 무상교육 실시하자!


to benefit from technology
and create more jobs
RIGHT TO STRIKE?










ARAMIZDA


파견법철폐
파견근로자 보호 등에 관한 법률?
파견근로자 보호 한적 있습니까?
불법파견 판치 는데
파견업종 확대가 왠말이 냐?
비정규직 양산 주범 파견법을 철폐하라!
해고악법 파견법 을 철폐하라!
우리는 일하고 싶다




NEWROZ COŞKUSUYLA
1 MAYISI SELAMLIYORUZ
DİYARBAKIR








## ڕێکخراوی کاری جیهانی

– به گوێرەی ئەو ئامارانەی ڕێکخراوی کاری جیهانی ڕایان گەیاندووە ساڵانەبە هۆی کارەوە 1,7 ملیۆن کرێکار دەبنە قوربانی خراپی هەلومەجی کار .



## قازانجی کۆمپانییای شەل

کۆمپانییای شەلی هۆڵەندی چارەکی ئەمساڵ قازانجی 28٪ چووە سەر , لە هەر کاتژمێرێکدا 3 ملیۆن دۆلاری دەست کەوتووە .

## سوید

شارەوانی مارکس لە وولاتی سوید ئەزمونی 6 کاتژمێر کار لە ڕۆژدا بۆ ژمارەیەك فەرمانبەر (40 فەرمانبەر) ئەزمایش دەکات بۆ جێبەجێکردنی لە کانونی یەکەمی ساڵی 2006 , تا ئێستا ئەم ئەزموونە بەرهەمی باشی لێکەوتوەتەوە.

## ڕوسیا

حکومەت ڕێگری ئەنجام داوە بۆ سازدانی خۆپیشاندانی جەماوەری لە لایەن کۆمۆنیستەکان و ژنان و کرێکاران و وان و سەربازان و زانایان (22 لایەن) لە 9 مانگ بە دواوە لە یادی 60 ساڵەی تێکشکانی فاشیزم .




## ڕاوەستە بۆش– هۆڵەندە

هەزاران هۆڵەندی لە ئەمستردام و ماستریخت بەرواری 5–7 دژ بە سەردانی بۆش بۆهۆڵەندە ناڕەزایەتیان دەربڕی , بۆش هۆڵەندەی بۆیە هەڵبژارد چونکە هاوپەیمانێکی دڵسۆزییەتی لە شەڕی عێراق . سەردانی گۆڕی سەربازە ئەمەریکییەکان دەکات لەماستریخت کە ژمارەیان 8000 لە گۆڕستانی مارجراتن نێژراون . حکومەتی ڕاستڕەوی هۆڵەندی 3000 پۆلیسی زیادەی تەرخان کرد بۆ تەئمینی سەردانەکەی بۆش , دابینکردنی ئاسایشی بۆش 5 ملیۆن یۆرۆی تێدەچێت , بەرامبەر ئەمە سانديكا کرێکارییەکان ناڕەزاییان دەربڕی کە داهاتی گەلی هۆڵەندی بۆ ئەمنییەتی بۆش خەرجە کرێت , لە کاتێکدا حکومەتی ڕاستڕەو بەرامبەر بە گەل تەقەشوفە کات. 70٪ هۆڵەندییەکان لەگەڵ ئەوەدان پێویستە ئەوروپا بەهێز بێت ومل کەچ نەکات بۆ ئەمەریکا , 56٪ بۆش بە مەترسی دەزانن بۆ چارەنوسی ئاسایشی جیهانی , لەکاتی شەڕیشدا زۆربەیان دژ بە جەنگ بوون , بەڵام حکومەتی ڕاستی ناوەڕاست گوێی بە ویستی خەڵك نەداو لایەنێکی بەشدار بووی جەنگ بوون .




## داروین و پارێزگارانی ئەمەریکا

ووتنەوەی پەرتوکی بنچینەی ژییانی داروین لە قوتابخانەکانی ئەمەریکای سکویلار کەوتە گفت و گۆوە , پارێزگاران دەڵێن ئەم پەرتوکە لەگەڵ بۆچونەکانی کەنیسە لەسەر پەیدابوونی ژییان لەسەر گۆی زەوی یەك ناگرێتەوە و تەواو پێچەوانەی چیرۆکی ئاینەکانە لە پەیدابوونی مرۆڤ , بۆیە دژی وەستانەوە , ساڵی 1999ش ڕەتکرایەوە.



## ئیسرائیل و هۆلۆکۆست

هەرچەندە حکومەتی ئیسرائیل شیوەن بۆ قوربانییانی هۆلۆکۆستە دەکات و لە پێناو خۆیدا بەکارییان دەهێنێت , بەڵام قوتاربووانی ئەو کارەساتە لەناخۆشترین هەلومەرجدا ژییان بەسەرە بەن, ژمارەی ڕزگاربووان 250000 , چارەکی ئەوان کە دەکاتە 62500 توانای کڕینی خۆراکییان نییە , ئیلیا بلینکی سەرۆکی پێشوی پشتگیری لە ڕزگاربووان ووتی: بەداخەوە ڕزگارم بوو . خۆزگەم بە پاشماوەی ئەنفالەکەی خۆمان .